# ئاگرتاش

حەمە کاکەڕەش
(سوید)

ئاگر دەتاشم
گیرفانەکانم پڕ دەکەم لە تەڵاشە ئاگر
دڵنیام ئاییندەی مرۆڤ
تاریکتر و ساردتر دەبێت.
ئاو .. ئاو.. ئاو
ئاوی میهرەبان
وشک دەکەمەوە
بۆ سەردەمی خنکان، یان تینوێتی.

ڕۆژگارێ دێت
مرۆڤ وەک باڵندەیەکی پێکراو،
دەکەوێتە بیابانی ژیانەوە
-با- دەبەستمەوە، تا پشکۆی برینی دڵەکان
نەگەشێنێتەوە.
دڵی غەمگینی تاریکی دەدەمەوە،
گومان و نیگەرانی تەم ڕوون دەکەمەوە.
دڵی بەرد نەرم دەکەم،
دڵی مرۆڤ نەرم نابێت،
دەرگای قەفەسەکان دەشکێنم،
ژیان خۆی قەفەسێکی بێ دەرگایە.
من،
زمانم گەرمە، ئاگرم خواردووە،
زمانم تەڕە، پیاوێکم وەک باران شپرزەم،
وشەکانم شەپۆل دەدەن،
خەیاڵم هاژەی دێت،
من پیاوێکم لە ئاو.
زمانم گەرمە،
وشەکانم کڵپە دەکەن،
خەیاڵم بڵێسەی لێ دەڕژێت،
من پیاوێکی ئاگرییم،



زمانم گڤەی دێت،
وشەکانم پڕن لە دەنگ،
من پیاوێکم لە- با-،
زمانم براوە،
وشەکانم خوێناوین،
خەیاڵم کوژراوە.

مرۆڤ ئاسمانی بۆچییە؟
مرۆڤ کەوتۆتە شتەوە.
ئاسمان وەک کراسەکەی دایکم قەد دەکەم
مرۆڤ تاقەتی ڕوانین و ... ڕامانی نەماوە،
مرۆڤ سەرقاڵە بە هیچەوە،
دایکم سەرقاڵ بوو بە ئێمەوە؛
دایکم شتێک لە سەرووی مرۆڤەوە بوو.
لە شیعرێکی تردا وتوومە: دایکم ژیانی خۆی لە
بیرکرد،
نەک هەر ژیانی، بۆ ئێمە خۆیشی لەبیر کرد.
ئاگرتاش دایکم بوو:
دایکم غەمگینترین ئاگرتاش بوو،
دایکم ژیانی ئێمەی ڕووناک و گەرم کردەوە و...
خۆیشی، ئاخ! خۆی ساردییەکی غەمگین دڵ و
ڕۆحی داپۆشیبوو.
کە دایکم مرد،
منیش مردم!
بەڵام من مردوویەکم هەناسە دەدەم.
لەم شیعرەدا،
وەک تارمایی دەردەکەوم،
کەم و کورت قسە دەکەم،
ئەگەر لە تەنیاییدا ڕەقیش ببمەوە؛
قسەیەک ناکەم دڵی بەفر گەردێ بگرێ.
با حەسرەتی بێ تۆیی بمسووتێنێ
چۆن دڵی ئاگر سارد دەکەمەوە؟!

باشترین قسەم بێدەنگییە
ژیان کورتە و...

مردنیش درێژ درێژ.
ئا بیرم کەوتەوە ژیان چییە؟!
کە بیر لە ژیان دەکەمەوە،
ئاگرتاشم بیردێتەوە؛
ئاگرتاش لە خانوویەکی قوڕدا
دەژیا.
زستانان کە باران دەباری،
دڵۆپەی خانووەکە؛
سەرینی خەونەکانی تەڕ دەکرد.
ئاگرتاش میهرەبان بوو،
ئاخ! ژیانی پڕ لە حەسرەت و دەرد و ژان بوو.
کە ئاگرتاش مرد،
ئاگرەکەی کوژایەوە؛
ژیانی من سارد هەڵگەڕا.
من لە تارماییەکانی خۆمدا دەژیم.
وەک سێبەری ئاواتێکی تێکشکاو
دەنگم لە نێوان دڵ و بێدەنگیدا ون بووە،
هەموو شتێک لە ناو مندا کەم دەبێتەوە،
وەک ڕووناکیی دواڕۆژ؛
کە بە هێواشی دەکوژێتەوە.
لەسەر دڵێکی سارد،
من فێری بێدەنگی بووم،
لە کاتێکدا کە وشەکانم
هیچ کەس نەبوو بیانبیستێ
یان تێیان بگات.
هەناسەم بەردەوام دەچێتە دەر
بەڵام گەڕانەوەی نییە،
وەک ئەو کەسانەی
جارێک چوون و نەگەڕانەوە.

لە تەنیاییدا
دەستەکانم بە یەکتر دەگرم،
بۆ ئەوەی نەکەوم؛
لە قووڵایی بێهیوایی.

دڵم جارێک ئاگر بوو،
ئێستا خاکە،
هەڵدەفڕێت لەگەڵ هەناسەی با؛
بێ ئەوەی شوێنێک بگرێتەوە.
حەسرەت لە مندا نیشتەجێ بووە،
وەک میوانێکی بێکۆتایی،
نە دەڕوات و..
نە من دەتوانم لێی دووربکەومەوە.
کاتێک بیر لە ژیان دەکەمەوە،
وێنەی ئاگرتاشم دێتەوە پێش چاو،
لە خانوویەکی قوڕدا دەژیا،
کە باران دەباری،
بە دڵۆپەی خانووەکە،
خەونەکانی دەشکان،
خەونەکانی تەڕدەبوون.
ئەو شەوەی دایکم مرد،
هەزار خەونی ناخۆشم بینی.
حەسرەتی مردنی دایکم،
وەک شەوی دارستان تاریک،
وەک بیابان تەنیا و غەمگینی کردم.
کوێر بم من، کە دایکم مرد
شیعرێکم بۆ باوکم نووسی
نووسیم: باوکە دایکم مرد
دایکم مرد، باوکە؛
باوکە دایکم زۆر چاوەڕێی دەکردیت.
خۆر ئاوابوو،
شەو تێپەڕی،
ساڵ هات و چوو؛
کەچی ئەو هەر چاوەڕێی دەکردیت؛
تا شەوێکیان نائومێدبوو
لەوەی کە تۆ دەگەڕێیتەوە
وەک خۆرێکی غەمگین
بە کپی و بە جوانی مرد؛
وەک چۆن بەکپی و بە جوانی ژیا.

باوکە با بۆت بگێڕمەوە لە دوای تۆ ئێمە چۆن ژیاین:
کە تۆ ئێمەت لە خانوویەکی قوڕینی گەڕەکی بێکەسی شارێکی بێکەسا بەجێهێشت،
لە دوای تۆ زەوی و ئاسمانی ئێمە دایکم بوو،
ئاو و نانی ئێمە دایکم بوو،
با و بارانی ئێمە دایکم بوو،
بزە و گریانی ئێمە دایکم بوو،
ئاگرتاش ژنێک بوو بێ هاوتا،
دایکێک بوو لە نوور و میهرەبانی خوا.
ئاگرتاش خەونی غەمێک بوو،
بە ناوچەوانی ژیانەوە.
دادەگیرسا و دەکوژایەوە،
لە ژیاندا دەمرد و...
لە مردندا دەژیایەوە.
ئای ئاگرتاش بیرت دەکەم،
بیری نیگا جوانەکانت،
بیری دەست و پێی شەقار شەقار بووت،
بیری دڵی پڕ لە باشیت،
تا دەمرم لە دڵمدا تاقانەترین
ئاگرتاشیت.

ئاگرتاش لە مەرکانەی دڵیدا بارانی هەڵدەگرت،
تا هاوینان تینیوێتی منداڵەکانی بشکێنێ.
چەپکێ ئاگری وەک پشتوێن دەبەستە پشتی،
بۆ ئەوەی لە سەرمای زستاندا ئامێزی پڕبێ لە گەرمی بۆ منداڵەکانی.
چەن گوڵێکی ڕەنگاوڕەنگ و بۆنخۆشی
لە پێچی بۆیمەکەیدا دەشاردەوە،
بۆ ئەوەی پاییزان منداڵەکانی بێ ڕەنگوبۆ نەبن.

ئاگرتاش،
ئاگری دەتاشی،
ژیانی دەلاوانەوە،
سادەیی پڕ کردبوو لە جوانی،

ڕەنجی دەدا،
لە دڵیدا ئازاری دەژەنی.
ئاگرتاش نزیک بوو لە خواوە،
بە زمانێکی سادە قسەی لەگەڵ خوا دەکرد.
هەموو جار دەمبینی لەسەر بەرماڵەکەی
نزای دەکرد و دەپاڕایەوە لە خودا و...
دەستەکانی بۆ ئاسمان بەرزدەکردەوە و...
دەیوت: خودایە بێ حەیا و حورمەتمان نەکەیت.
خودایە ڕووسووری هەردوو دنیامان بکەیت.
خودایە زەلیلی سەر جێگام نەکەیت.
خودایە هانام بە قاپێکەت.

لە دوای نزاکانی دایکم،
هەموو شەوێک گوێم لە هەناسەی ئاسمان بوو،
وەک ئەوەی خودا،
بە ناوی کوڕی ئاگرتاش بانگم بکات،
من لە ناو ئەو ناوەوە هەناسەم دەدا و دەژیام؛
ناوێک کە بۆنی نان و ماست و مانگا و گیا و
ماندووبوونی لێ دەهات.
ناوێک کە دەستە شکاوەکان
هێشتا گەرم دەکاتەوە،
ناوێک پەنجە شکاوەکانی دایکم ژیانی پێ
دەنووسێتەوە.
دایکم نەمرد،
ئەو بوو بە ئاگردانێک لە ناو سەرمدا،
کاتێک چاوەکانم تاریک دەبن،
ئەو ژیانم ڕووناک دەکاتەوە.
منیش هەر ئەو مردووەم،
کەوتووم و هەناسە دەدەم،
چونکە لە ڕەنگی هەر وشەیەکمدا
دایکم دووبارە دەژێتەوە و...
ژیانم ڕەنگڕێژ دەکاتەوە.
یادەوەریی ئاگرتاش،
بەردەوام دەمنووسێتەوە.
ئەگەر ڕۆژێک مرۆڤ،
لە خۆی دوور بکەوێتەوە
ئەوە ناوی دایکم بنووسن لەسەر ئاسمان،
بۆ ئەوەی فێر ببن
چۆن دەبێت مرۆڤ بوون
لەناو شەوێکی بێدەنگدا.
کاتێک هەموو شتێک لە خۆی دەترسێ،
من بیری ئاگرتاش دەکەم،
من تەنها لەگەڵ یادەکانی ئاگرتاشدا دادەنیشم،
وەک منداڵێک
لە سایەی دایکی
دەستم بۆ ئاسمان بەرز دەکەمەوە
بۆ داواکاری نا،
بەڵکوو بۆ ئەوەی دڵنیابم
هێشتا شوێنێک هەیە
کە دڵەکان تێیدا ناشکێن.
دایە ئاگرتاشی من،
تۆ فێرت کردم،
چۆن لە ناو ئاگردا نەسووتێم
چۆن لە ناو ئاودا نەخنکێم
بەڵام فێرت نەکردم
چۆن لە بێ تۆییدا بژیم؟!
لە دوای تۆ
وشەکانم پێکەوە خەیاڵم ناگرن،
ڕستەکانم وەک کۆچبەران،
بێ وڵات و بێ نیشتمان،
هەریەکەیان لە شوێنێک دەگرین و بێکەس دەمرن.

ئای ئاگرتاش لە دوای تۆ،
دڵم بوو بە ماڵێکی چۆڵ،
پەنجەرەکانیشی داخراون،
تەنها با،
بە دەنگی تۆ سەردانی دەکردم.

تا تۆم هەبوو بەناو ئازار و دەردا دەڕۆیشتم و
نەدەمردم،

من هەرگیز نەمتوانی
باوەڕ بە مردن بکەم،
چونکە تۆ
لە هەموو شتێکی بچووکی ژیانی مندا هەیت،
لە هەموو شتێکی گەورەی ژیانی مندا هەیت،
لە گەرمی دەست و...
لە سپێتی ماست و...
لە نەرموشلی ئاو و...
لە بۆنی نان و...
لە ترپەی دڵمدایت.

لە دوای نزاکانی دایکم
هەموو شەوێک گوێم لە هەناسەی ئاسمان بوو،
وەک ئەوەی خودا،
بە ناوی کوڕی ئاگرتاش بانگم بکات.
من لە ناو ئەو ناوەوە هەناسەم دەداو دەژیام،
ناوێک کە بۆنی نان و ماست و مانگا و گیا و
ماندووبوونی لێ دێت
ناوێک کە دەستە شکاوەکان
هێشتا گەرم دەکاتەوە،
ناوێکە پەنجە شکاوەکانی دایکم ژیانی پێ
دەنووسێتەوە
دایکم نەمرد.
ئەو بوو بە ئاگردانێک لە ناو سەرمدا،
کاتێک چاوەکانم تاریک دەبن،
ئەو ژیانم ڕووناک دەکاتەوە.
منیش هەر ئەو مردووەم،
کەوتووم و هەناسە دەدەم.
چونکە لە ڕەنگی هەر وشەیەکمدا،
دایکم دووبارە دەژێتەوە و...
ژیانم ڕەنگڕێژ دەکاتەوە.

یادەوەری ئاگرتاش
بەردەوام دەمنووسێتەوە.
ئەگەر ڕۆژێک مرۆڤ
لە خۆی دوور بکەوێتەوە،
ئەوە ناوی دایکم بنووسن لەسەر ئاسمان،
بۆ ئەوەی فێر ببن
چۆن دەبێت مرۆڤ بوون!
لە ناو شەوێکی بێدەنگدا،
کاتێک هەموو شتێک لە خۆی دەترسێت،
من بیری ئاگرتاش دەکەم.
من تەنها لەگەڵ یادەکانی ئاگرتاشدا دادەنیشم
وەک منداڵێک
لە سایەی دایکی
دەستم بۆ ئاسمان بەرزدەکەمەوە
بۆ داواکاری نا،
بەڵکوو بۆ ئەوەی دڵنیابم
هێشتا شوێنێک هەیە
کە دڵەکان تێیدا ناشکێن.
دایە ئاگرتاشی من،
تۆ فێرت کردم
چۆن لە ناو ئاگردا نەسووتێم
چۆن لە ناو ئاودا نەخنکێم
بەڵام فێرت نەکردم
چۆن لە بێ تۆییدا بژیم؟!
لە دوای تۆ
وشەکانم پێکەوە خەیاڵم ناگرن،
ڕستەکانم وەک کۆچبەران،
بێ وڵات و بێ نیشتمان؛
هەریەکەیان لە شوێنێک دەگرین و... بێکەس دەمرن.

ئای! ئاگرتاش لەدوای تۆ
دڵم بوو بە ماڵێکی چۆڵ،
پەنجەرەکانیشی داخراون؛
تەنها با
بە دەنگی تۆ سەردانی دەکردم.
تا تۆم هەبوو بەناو ئازار و دەردا دەڕۆیشتم و
نەدەمردم!
من هەرگیز نەمتوانی

باوەڕ بە مردن بکەم،
چونکە تۆ
لە هەموو شتێکی بچووکی ژیانی مندا هەیت،
لە هەموو شتێکی گەورەی ژیانی مندا هەیت،
لە بۆنی نان و...
لە گەرمی دەست و...
لە سپێتی ماست و...
لە شینی گیا و...
لە فرمێسک و لە ئارامی و لە فڕینمدا تۆ باڵ
بوویت،
لە شیعرمدا تۆ جوانترین خەیاڵ بوویت.
ئەگەر مردن
دووربوون بێت؟
ئەوە تۆ نزیکترین کەسی ژیانمیت.
نا تۆ هەرخۆت ژیانم بوویت.
چونکە لە هەموو هەناسەیەکمدا
ناوت دەدرەوشێتەوە.

ئای! ئاگرتاش هیچ ناوێ جێت ناگرێتەوە
دایە: ئەی ئاگرتاشی ژیانم
من هێشتا ئەو منداڵەم
کە بە چاوی پڕ فرمێسک
لە دەرگای شەو دەڕوانێ
بۆ ئەوەی
تۆ وەک ڕووناکی بگەڕێیتەوە.
کاتێک دوا وشەکانم دەنووسم
هەست دەکەم
هەموو شتێک لە ناومدا کۆتایی هاتووە
نە تەنها تۆ
بەڵکوو منیش
لەگەڵ تۆ لە ژیان دابڕام.
من ئەو منداڵە نیم
کە ناوی دایکی بانگ دەکات
من تەنها دەنگێکم،
لە ناو بۆشاییەکی بێ وەڵامدا.

شەوەکان درێژتر دەبن،
وەک قەبرێکی کراوە؛
کە تێیدا
یادەکانم یەک بە یەک دەنێژرێن.
دەستم دەخەمە سەر سنگم
بۆ ئەوەی دڵم بدۆزمەوە،
ئەوەی لێی دەمێنێتەوە
تەنها دەنگی بەتاڵییە.
دایکم... ئاگرتاشی من
دوای مردنی تۆ،
منیش مردم.
ئێستا تەنها شتێک ماوە:
جەستەیەک
کە بە ناوی من دەژی و
ڕۆژانە فێری مردن دەبێت.

ئەو شەوەی دایکم مرد
تاقی ژیانم درزی برد.
ناوی ئاگرتاش
لەسەر زمانم قورس بوو،
وەک پارچەیەک لە دڵم سووتابێ.
من ئاگرتاشم نەماوە
من تەڵەپووشێکم،
بەدوای ئاگری خۆمدا دەگەڕێم.
بەبێ ئاگرتاش من نازانم
چۆن بژیم، من کێم!
من دڵێکم هەبوو
بە دەستە شەقار شەقارەکانی دایکم
دادەگیرسا،
ئێستا،
بووە بە خۆڵەمێش
لە ناو سنگمدا..

٢٠٢٣ — ٢٠٢٦